

### سالار عەبدولجبار
### یاریزانی یانەی زەورا و هەڵبژاردەی لاوانی عێراق:

# وەرزی داهاتوو لە یانەی هەولێر یاری دەکەم

**یەکێکە لە یاریزانە لاوە بە تواناکانی عێراق و کوردســـتان و چاودێران چاوەڕوانی دوا ڕۆژێکی گەشـــی لێدەکەن، سالار عەبدولجبار لە دایك بووی ساڵی (١٩٨٨)ی شاری بەغدا، بەڵام نیشتەجێ شاری کەرکووکە، سەرەتای ژیانی- وەرزشی لە یانەی کەرکووك دەستی پێکرد، بۆ ماوەی وەرزێك یاریی بۆ یانەی کەرکووك کرد، دواتر چووە ریزی یانەی تەڵەبە بۆ ئەوەی بەشـــداری لە پاڵەوانییەتی یانەکانی عەرەبی بکات و ئەو کات ســـائەر ئەحمەد ڕاهێنەری یانەی تەڵەبە بوو، دواتر چووە ریزی یانەی زەورا ئەوە ماوەی دوو وەرزە لەم یانەیە یاری دەکات، لەگەڵ هەڵبژاردەکانی عێراقیش، سەرەتا لەگەڵ هەڵبژاردەی قوتابخانەی عێراق یاریی کرد، دواتر لە هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق یاریی کرد، لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی عێراقیش بەشـــداری لە جامی لاوانی ئاســـیای کرد، هەرچەندە لە خولی پلە نایابەکانی عێراق لەگەڵ یانەی زەورا یاری نەکرد بە هۆی پێکان، بەڵام دوای گەڕانەوەی لە پێکان لە چوار یاری توانی (٥) گۆڵ تۆمار بکات بۆ یانەی زەورا و چەندین گۆڵیش بۆ هاورییەکانی دروست بکات، ئاستێکی زۆر باشی نیشان داوە تا ئێستا، زۆر خۆشەویستە لە لایەن جەماوەرەکەی بە هۆی ئاست بەرزی و خۆڕەوشتی بەرزی، (سالار عەبدولجبار دەڵێ: زۆر حەز دەکەم یاری بۆ یانەی هەولێر بکەم، چونکە یانەیێکی کوردستانییە و لە شاری خۆمان لە نێو کەس و کارمان یاریی دەکەم، بەڵام لە بەغدا من بە تەنیام و هەست بە غەریبی دەکەم بۆ من زۆر ناخۆشە)، سالار عەبدولجبار هاندەری یانەی ئەی سی میلانە و هەڵبژاردەی بەرازیل و ئیتاڵیایە، ئێمەش بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەی لەگەڵ سازبدەین.**

**دیمانە: ڕێبین ڕەمزی**

*** هـــۆی چی بوو نەتوانی لە وەرزی ئەمســـاڵ بۆند لەگەڵ یانەی هەولێر مۆربکەی؟**

- ئەوەی راســـتی بێت، کێشەیەکم هەبوو لە یانەی زەورا ئەویش بۆندم لەگەڵ یانەی ناوبراو بۆ ماوەی دوو ســـاڵ مۆرکردبوو، بۆیە یانەی زەورا ئیستغنای نەدامەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ یانەی هەولێر یاری بکەم، ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو.

*** تا چەند راستە بۆ وەرزی داهاتوو بۆند لەگەڵ یانەی هەولێر مۆردەکەی؟**


- پەنا بەخوا دوای کۆتایی هاتنی بۆندم لەگەڵ یانەی زەورا، بۆ وەرزی داهاتوو بۆندێك لەگەڵ یانەی هەولێر مۆردەکەم، یانەی هەولێـــر یەکێکە لە یانە هەر گەورەکانی عێراق و جەماوەرێکی زۆری هەیە لە هەمان کاتیشدا دەستەیەکی کارگێڕی نموونەیی هەیە، ئەمەش دەبێتـــە هاندەر بۆ هەموو یاریزانێك تاکوو یاری بۆ ئەم یانەیە بکات.

*** ئەنجامـــە خراپەکانی یانەی کەرکووك بۆ چ دەگەڕێتەوە بەبۆچوونت؟**

- یانەی کەرکووك یانەیەکـــی گەورەیە و جەماوەرێکی زۆری هەیە، بەڵام زۆربەی یاریزانەکانی لە یانەکانی تر یاری دەکەن، وەکو دارا لە یانەی سلێمانی یاری دەکات و هەردی نوردین لە یانەی هەولێر و یونس شـــوکر لە یانەی پێرسە....هتد، ئەمەش هۆکارێکی ســـەرەکی ئەنجامە خراپەکانـــی ئەم یانەیە، یانەی کەرکووك لەبـــەر نەبوونی پارە دەناڵێنی و ناتوانێ بۆند لەگەڵ یاریزانی باش و بە توانا مۆربکات.

*** ئـــەی ئەنجامە خراپەکانی یانەی زەورا لە ســـەرەتا بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوەی لە راســـتی بێت ئێمە لە ســـەرتا ئاستمان زۆر خراپ بـــوو، هەروەها من نەمتوانی لە شـــەش یـــاری یەکەم لەگەڵ یانـــەی زەورا یـــاری بکەم بە هۆی پێـــکان، هەروەها هەردوو یاریزان ئەوس ئیبراهیم و محەمەد گاســـد بەهۆی هەڵبژاردەی عێراق نەیانتوانی لەگەڵ یانەی زەورا یاری بکات، کازم خەلەف



ڕاهێنەری یانە بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی یەحیا عەلوان ئاستمان زۆر باشتر بووە.

*** یانەی زەورا چۆن خۆی بۆ قۆناغی دووەمی خولی پلە نایابەکانی عێراق ئامادەکردووە؟**

- خۆ ئامادەکردنمان بۆ قۆناغی دووەم وەکو پێویست نییە، تەنیا چەند یارییەکی دۆستانەمان لەگەڵ یانەکانی شورتە و حدود و یانەیەکی پلە یەکی عێراق ئەنجام داوە، هیچ ئۆردوگایەکی مەشقیمان ئەنجام نەداوە، پەنا بە خوا لە قۆناغی دووەم ئاستمان بەرزتر دەبێت و ئەنجامەمان باشتر دەبێت، هەوڵ ئەدەم ئەمساڵ لەگەڵ یانەی زەورا دەستکەوتێك بە دەست بهێنم.

*** ئایا یانەی زەورا دەتوانێ لە جامی یەکێتی ئاسیا ئەنجامی باش بە دەست بهێنێت؟**

- پەنا بەخوا ئەنجامی باش بە دەست دەهێنین لەم پاڵەوانیەتیە، کۆمەڵەکی ئێمە زۆر ئاسانە و کۆمەڵەکەمان یانەی بەهێزی تێدا نییە، پەنا بەخوا لە کۆمەڵەکەمان پلەی یەکەم بە دەست دەهێنین و سەردەکەوین بۆ قۆناغی داهاتوو، هەرچەندە خۆمان بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە بە باشی ئامادە نەکردووە .

*** ئایا بیر لە بە دەست هێنانی نازناوی گۆڵکاری خولی عێراق دەکەیەوە؟**

- ئەوەی راستی بێت تا ئێستا (٥) گۆڵم تۆمار کردووە، ئێستا گۆڵکاری خولی عێراق (٧) گۆڵی هەیە واتا زۆر نزیکم و هەوڵ دەدەم ئەم نازناوە بە دەست بهێنم بۆ ئەوەی بتوانم لە هەڵبژاردەی عێراقیش یاری بکەم.

*** هۆی چی بوو لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی عێراق ئاست وەکو پێویست نەبوو؟**

- ئێمە لە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بە باشی خۆمان ئامادە نەکردبوو بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە و هەروەها من نەمتوانی لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوان بەردەوام بم بە هۆی ئەنجامدانی یارییەکانی خولی عێراق لەگەڵ یانەی زەورا و چەندین یاریزانی تر نەیانتوانی لەگەڵ ئەم هەڵبژاردەیە بەردەوام بن، بۆ نموونە هەڵبژاردەی ئیمارات کە توانی ئەم جامە بە دەست بهێنێ زۆر بە باشی خۆی ئامادە کردبوو، ئۆردوگای مەشقی لە ئەڵمانیا و ئوستراليا و ئیسپانیا ئەنجام دابوو، هەروەها هەندێك یاریزان شایستی ئەوە نەبوو لە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق یاریی بکەن، لە هەمان کاتدا ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی عێراق کەم ئەزموون بوو نەیتوانی هیچ شتێك بکات لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوان، ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون لە ئاست نزمیم لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی عێراق.

*** بۆ بانگهێشتی هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق نەکرای؟**

- لە هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق تەنیا یاریزانە پیشەگەرەکان یارییان دەکرد هەلیان بۆ یاریزانە لاوەکان نەدەدا بۆ ئەوەی یاری بکەن، بەڵام پەنا بەخوا بەم نزیکانە بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق دەکرێم، بە تایبەتی دەست نیشان کردنی ڕاهێنەر رازی شنێشل وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق کە شارەزاییەکی تەواوی لەسەر ئاستی من هەیە و بە تایبەتی ئێستا ئاستم زۆر بەرزە و هەروەها زۆر بایەخ بە یاریزانی گەنج دەدات.

*** ئەگەر بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان بکرێی ئامادەی یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەی؟**

- من کوردم، هەڵبژاردەی کوردستان هەڵبژاردەی خۆمانە، زۆریش حەز دەکەم یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم و هیوا ئاواتمە و پەنا بەخوا یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان دەکەم لە نزیکترین کاتدا.

*** هیچ بۆندێکت بۆ هاتووە لە دەرەوەی عێراق؟**

- ئەوەی راستی بێت هەموو یاریزانێك حەز دەکات لە یەکێك لە یانەکان وەکو یاریزانێکی پیشەگەر یاری بکات، بەڵام بە مەرجێك یانەکە یانەیەکی بەهێز بێت و رکابەری پاڵەوانێتیەکان بکات، یانەی فولازی ئێرانی بۆندێکی پێشکەش کردم بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، هەروەها یانەی( بقعە)ی ئوردنیش بۆندێکی پێشکەش کردم، بەڵام رازی نەبووم یارییان بۆ بکەم بریارم دا هەر لە یانەی زورا یاری بکەم، چونکە ناوی یانەی زەورا زۆر لەو دوو یانەیە گەورەترە، هەروەها جەماوەریش داوای لێکردم کە یانەی زەورا بە جێنەهێڵم.



*** دوا وتەت چییە؟**

- دوا وتەم بۆ هاندەرانی یانەی هەولێر ئەوەیە کە بەڵێنیان پێ دەدەم وەرزی داهاتوو لە یانەی هەولێر یاری دەکەم، کە یانەیەکی نموونەییە و زۆر بایەخ بە یاریزانەکانی دەدات و جەماوەرێکی باشی هەیە و هیوادارم ئەمساڵ بتوانم شتێك پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی بتوانم لە هەڵبژاردەی عێراق یاری بکەم.

**یانەی هەولێر یەکێکە لە یانە هەرە گەورەکانی عێراق و جەماوەرێکی زۆری هەیە لە هەمان کاتیشدا دەستەیەکی کارگێڕی نموونەیی هەیە**

**لە هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق تەنیا یاریزانە پیشەگەرەکان یارییان دەکرد هەلیان بۆ یاریزانە لاوەکان نەدەدا**

**هەوڵ دەدەم نازناوی گۆڵکار بەدەست بهێنم بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردەی عێراقیش یاری بکەم**

# لە ئیتاڵیا گەندەڵی

گەندەڵی و یاریکردن بە ئەنجامی یارییەکانی خولی یانەکانی ئیتالیا جارێکی دیکە سەری هەڵدا و پاڵەوانەکەشی ئەمجارە یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵیە کە ماوەی ســێ ساڵە خاوەنی نازنــاوی خولــی یانەکانی ئیتاڵیایە، ئەنتەر میلان ســاڵی (٢٠٠٦) سوودمەند بوو لەو گەندەڵییەی کە یانەی یۆڤانتسی باجەکەی دایەوە و تیاییدا زۆر زەرەرمەند بوو و پلەیەك دابەزی و یانــەی میلانیش ڕێگای پێ نەدرا بەشــداری لە خولی یانەکانی ئەوروپا بکات، لەتەك یانەکانی لازیۆ و ڤیرۆنتینا، بە پێی ئەو ڕاپۆڕتەی کە وەزارتی گشتی وەرزشی ئیتاڵیا و کە ڕۆژی هەینی لە ڕۆژنامەی (گۆرنال) بڵاوکراوەتەوە کە یانەی ئەنتەر میلان تاوانبار کراوە بە یاریکردن بە بەشێك لە ئەنجامی یارییەکان لە کۆتایی وەرزی ڕابردوو ئەویش بۆ ئەوەی هەردوو نازناوی خولی ئیتاڵیا مسۆگەر بێت، دوای یۆڤانتس و میلان ئەمجارەیان نۆرەی ئەنتەر میلانە سیناریۆی ساڵی (٢٠٠٦) دووبارە بکاتەوە کە تۆپــی پێی ئیتاڵیا و جیهانی هەژاند کە توانی نازناوی مۆندیال بباتەوە، لەوکاتدا تەنیا یانەی ئەنتەر میلان ســوودمەند بوو دوای سزادانی یانەی ئەی سی میلان و پیرە یانەی یۆڤانتــس و نازناوەکانیان لێ وەرگێراوە، ئەمەو ڕاپۆڕتەکە کە بەراشکاوی ئەنتەر میلان تاوانبار دەکات و دەڵێ یانەی ناوبراو لە زۆر یاری خۆی بە دۆڕاندنداوە و تا ڕکابەری بەهێز بێت، چونکە بە جیاوازییەکی زۆر لە پێشــەنگ بوو و بۆیە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ هەندێ لایەنی کە گرەو لەســەر یارییەکان دەکەن بۆ بە دەســتهێنانی داهاتێکی زۆر مۆرکرد، ئەمەو پۆلیســی ئیتاڵیاش لەمبارەیەوە ئەم هەواڵەی پشــت ڕاســتکردەوە و دەڵێ ئێمە ئاگاداری زۆر پەیوەندی تەلەفۆنی بووین لە نێوان ڕاهێنەری پێشــووی ئەنتــەر میلان ڕۆبەرتۆ مانشینی و ســەرۆکی کۆمەڵەی مافیا دۆمینیکۆ بریشیا، ئەمــەو ئەم کۆمەڵەی کە هاوکارییەکی تەواوی ئەنتەر میلان دەکات تووشــی چەندین کێشە هاتووە لەگەڵ دادگای باڵای ئیتاڵیا بەهۆی گواستنەوە و ڕەوانەکردنی دەرمانی بێهۆشکەری قەدەغــە کراو لە نــاوەوە و دەرەوەی ئیتاڵیا ڕاپۆڕتەکە دەڵێ:





# سەری هەڵدایەوە

دوورخستنەوەی سویدی زەڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ لە یارییەکانی یەکێك لەو هۆیانەیە کە ئەنتەر میلان پێی تاوانبار کرابوو بە هۆی پێکانەوە، ئەنتەر میلانی کەوتە مەترسی و لە دوایین یاری لەگەڵ یانەی پارما گەڕایەوە توانی بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی نازناوی خولی یانەکانی ئیتاڵیا مسۆگەر بکات و توانی دوو گۆڵی یارییەکەش دژی پارما تۆمار بکات و چاودێران بۆیە گومان لەو پێکانەی ئیبراهیمۆڤیچ دەکەن و دەڵێن دوای ئەم ماوە درێژە لە دابڕانی چۆن گەڕایەوە بەو ئاستە بەرزە و توانای جەستەی لەشی (٪١٠٠) بوو و دوو گۆڵیش تۆمار بکات، ڕاپۆڕتەکە باس لە یاری ئەنتەر میلان و یانەی سیینا دەکات لەمیانی جەولەی (٣٧)مینی و پێش کۆتایی بوو کە لەو یارییە ناوبژیوان سزایەکی بۆیان هەژمار کرد یاریزانی هێڵی بەرگری مارکۆ ماتیرازی داوای لە هێرشبەری ئەرژەنتینی خۆلیۆ کرۆز کرد کە سزایەکە لێ بدات کە پێشتر لە گشت یارییەکان ئەم کارەی کرۆز بوو سزایەکانی جێبەجێ دەکرد، ماتیرازی لە لیدانە سزایەکی سەرکەوتوو نەبوو و گۆڵی تۆمار نەکرد و یارییەکە بە ئەنجامی (٢-٢) گۆڵ تەواو بوو ئەمەش وای لە یانەی ڕۆما کرد کە بە تەواوی رکابەری یانەی ئەنتەر میلان بکات بۆ بە دەستهێنانی نازناوەکە، ئەمەو ئیبراهیمۆڤیچ ناوی لە لیستی ئەم (٢٩) ناوە هەبوو کە تاوانبار کرابوون بە گەندەڵی و یاریکردن بە ئەنجامی یارییەکان، یاریزانەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو، ( ئیتاڵی بۆفۆن – کاناڤارۆ – زامبرۆتا – کامۆرانێزی – دڵپێرۆ – نێستا – گاتۆزۆ – پێرلۆ – جیلاردینۆ – ئینزاگی – لۆکا تۆنی – بیرۆتیزی – ماسیمۆ ئۆدۆ – فەڕەنسی تریزیگە – تۆڕام – ڤییرا – چیکی پاڤل نیدڤێد – مارێك یانکۆلۆفسکی – تۆماس ئۆفالۆسی – هەردوو کرواتی ڕۆبێرت کۆڤاتچ – داریۆ سمیس – بەرازیلی دێدا – کافۆ – کاکا – ئیمرسۆن – ئۆکڕانی ئەندرێ شێفشینکۆ – هەردوو سویسری یۆهان فۆگل و فالۆن بەهرامی – ئوسترالی زیلیکۆ کاتچ).

●●●
**ئەم جارە نۆرەی ئەنتەرمیلانە لەگەندەڵی کردن**
●●●





# ڤان دێر سار ریکۆردێکی نوێ تۆمار دەکات



گۆڵچی هۆڵەندی و یانەی مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزی ڤان دێر سار توانی ریکۆردێکی نوێ تۆمار بکات لە پاك راگرتنی گۆڵەکەی کە پێشتر بە ناوی گۆڵچی یانەی چێڵسی پیتەر چێك بوو کە ماوەی (١٠٢٥) خولـــەك گۆڵی لێ تۆمار نەکرا، دوای ئەوەی ناوبژیوانی یاری مانچستەر یۆنایتد و وێست برۆمیچ کۆتایی بە یاری هێنا کە بە ئەنجامی (٥-٠) گۆڵ یارییەکەیان بردەوە گۆڵچی ناوبراو توانی ژمارەی پێشـــووی پیتەر چێك بشکێنێ و رێگا نەدات بۆ ماوەی (١٠٣٢) خولەك گۆڵی لێ تۆمار نەکرێ، ئەمەو فەرەنسی سەمیر نەسری ئەستێرەی یانەی ئەرسناڵ توانی گـــۆڵ لەم گۆڵچییە تۆمار بـــکات، بەڵام پاش تۆمار کردنی ژمارەی پێوانی بوو، ڤان دێر ســـار لە ساڵی (٢٠٠٥) هاتە یانەی مانچستەر یۆنایتد بەهۆی ئەو بۆنـــدەی کە لە (٢٠٠٨) تەواو بوو، بەڵام راهێنەر ئەلێکس ڤێرگسۆن توانی بۆندەکەی بۆ نۆێ بکاتەوە تـــا کۆتایی وەرزی (٢٠٠٩) و ناوبراو توانی لەگەڵ ئەو یانەیە چەندین نازناو بە دەست بهێنێ وەك جامی پلە نایابەکانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) و جامی پیشـــەگری ئینگلتەڕە ســـاڵی (٢٠٠٦) و خولـــی یانەکانـــی ئەوروپا و جامی یانەکانـــی جیهان لە ســـاڵی (٢٠٠٨)، ڤان دێر ســـار لە (٢٩-١٠-١٩٧٠) لە شاری فۆرهۆك لە دایکبووە، ســـەرەتا زۆر لە یانەکانی چاویان لەو گۆڵچیە بڕیبوو، بەڵام خۆی یانەی یۆڤانتســـی هەڵبژارد، لە ســـاڵی (٢٠٠١) هاتە ریزی یانەی فۆلهـــام ئەمەو دوای ئـــەوەی چەندین گۆڵچی نەیانتوانی شوێنی گۆڵچی بەناوبانگی دانیمارکی پیتەر شـــمایکل بگرێتەوە، ئەلێکس فێرگســـۆن گرنگییەکـــی زۆری بەهێنانی هۆڵەندی ڤان دێر ســـار دەدا تا دوای توانی رازی بکات و بۆندی لەگەڵدا مۆربکات، ناوبراو لە ساڵی (١٩٩٥) لە ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی وەرگێراو بەشداری لە هەردوو مۆندیالـــی (١٩٩٨ ٢٠٠٦-) کرد و جامی نەتەوەکانـــی ئەوروپای (١٩٩٦ ٢٠٠٠--٢٠٠٤-٢٠٠٨) کـــرد، ئەمەو بڕیاریـــدا بوو کە دوای یـــۆرۆی (٢٠٠٨) بە یەکجار واز لە یاری نێودەوڵەتـــی بهێنـــێ، بەڵام دەســـتەی هونەری هەڵبـــژاردەی هۆڵەندا رێگایان پێ نەدا و داوایان لێکرد لە بڕیارەکەی پاشگەزبێتەوە، ئەوەبوو ڤان دێر سار رازی بوو ئێستا بەرگری لە رەنگی پرتوقالی دەکات لە پاڵاوتنەکانی ئەوروپا بۆ گەیشـــتن بۆ مۆندیالی (٢٠١٠) باشووری ئەفریقیا.

# یانەی چێڵسی لە بازنەی فرۆشتنە بەڵام!!

سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵەی ( فالکۆن ئیکویتی ) سویســـری کە لە لایـــەن پیاوێکـــی بارزگانی ئەڵمانیـــاوە هاوکاری دەکرێ کـــە نیازی ئەوەی هەیە یانەی چێڵســـی لە خاوەنەکەی ملیاردێری رووسی رۆمان ئیبرامۆڤیچ بکڕێ، سەرچاوەیەك دەڵێ: لەم کات و ســـاتەدا بە زەحمەت دەزانین کە ئەم کارە سەرکەوتوو بێت، ئەمەو راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە شێخ سلێمان فەهیم لە گۆڕەپانە، چونکە ئەو کاری وتووێژەکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی هـــەر کاتـــی ئیبرامۆڤیـــچ بڕیاریدا کە یانەکەی بفرۆشـــێ، ئەمەو فەهیم لە لێدوانێکیدا لەگەڵ رۆژنامـــەی گاردیانی بەریتانی گوتی: هێشـــتا باس لـــەوە نەکراوە کە یانەی چێڵســـی




بۆ فرۆشـــتنە یان نا و دەبێ ئێمـــە ئەوەش لەبیر نەکەیـــن کە ئیبرامۆڤیـــچ زیاتر لە بڕی (٥٠٠) ملیۆن جونەیهی ئیســـتەرلینی ســـەرفکردووە و دەبـــێ قەرزەکانـــی یانەی چێڵســـی لەبەر چاو بگرێ، ئەمەو چاودێران دەڵێن ئیبرامۆڤیچ ئامادە نییـــە کە واز لەو یانەیـــە بهێنێ و لە زۆر بۆنەدا ئـــەم هەواڵەی رەت دکردەوە کە بـــە نیازە یانەی چێڵسی بفرۆشی ئەمەش وەڵامدانەوەیەکی توندی رۆژنامەی (سەندای تایمز) بوو کە ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە کە تیاییدا هاتبوو ئیبرامۆڤیچ ئامادەیە گەر بە بڕی پارەیەکی کەمیش بێت دەستبەردانی ئەم یانەیە بێت.